# یادێک له هەڤالان و گەوره مەردان

ئەحمەد دەشتی



وێنەله ڕاست : مامۆستا هەژاری نەمر - ئەحمەد دەشتی – مامۆستا هێمن – شەهیدفەرەنسۆی نەمر

لەو ساوەی کە گەلی کورد لە ژێر چنگی داگیرکەرانی کوردستان دا دەچەوسێتەوە،لە گەل مال وێرانی و خاک داگیرکردن وڕەتاندن و ئاوارە کردنی هەزاران هەزار ڕۆلەی دلسۆزو کوردپەروەر و بێ ژیانی ئازادی و سەربەخۆیی و بێبەش لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی دا به سەدان ڕۆلەی قارەمان و ژیان نەدیوی میللیمان بونەتە قوربانی ڕێگەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردو کوردستان و بە سەدان پێشمەرگەی چاو نەترس و ئازاو بلیمەت گەیشتونەتە کاروانی نەپچڕاوەی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کوردو کوردستان،گەلێ لە شامێران و شاسوارانمان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ و ڕزگاری لە چنگ دڕندە داگیرکەرەکان دا کە مافێکی ڕەوای خۆمانە بە هەموو بیر و بۆچوون و چاو نەترسانێکەوە ساتێک نەسرەوتوون و بوونەتە ڕوناک کەرەوەی ڕێگەی سەربەخۆیی کورد و کوردستانی ڕەنگین،لە مێژە کە داگیرکەران و نەیاران و خائینانی کورد و کوردستان بە هەموو هەول و تواناییەکیانەوە لە سەنگەردان و دژی هەموو ڕۆلەیەکی خەباتگێڕ و ماندوو نەناس و خاوەن بیرو باوەڕی ڕاستی کوردایەتی تێدەکۆشن و بە هەموو تواناییەکیانەوە هەولی لە ناوبردنی قارەمانانی کورد دەدەن،گەلێ لەدلسۆزو

نیشتمانپەروەرانمان زۆر نارەوایانە بە دەستی نەیارانی ترۆریست و دوژمنانی گەلی کورد شەهید کراون و گیانی پاکیان بەخشیوە بە کورد وکوردستانمان،خۆ پێنووس لە ئاستی ئەو مرۆڤە گەورەو وسەروەرانەی کە بونەتە قوربانی ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردو کوردستان کڕنوش دەبات و ناتوانێت وەک پێویست بنوسێت و باسی هێژایی و ئەو ڕووداوو کارەساتە مەزنانەی کە بەرامبەر ڕۆلە دلێرەکانی گەلی کورد ڕووی داوە بکات ، جوامێری و ئازایەتی و وەفا و خۆ بەخت کردنی هەزاران ڕۆلەی قارەمانی کوردو کوردستان نیشانەی بە ئاوات گەیشتن و ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە،ڕۆژێکیش هەردێتن کە خوێنی پاکی ئەو قارەمانانەی کورد دوژمنان بخنکێنێ و بە کوێرای نەیاران کوردستان سەربەخۆو ئازاد و پێشکەوتوو ببێت.



لەراست:دیاب – حەمیدەفەندی – سەردار- فەرەنسۆ – بارزان- ئەحمەد دەشتی

گەلی کوردستان بە درێژایی دیرۆک و هەمیشە بە داخێکی زۆر و پڕ لە پەژارەوە مال ئاواییان لە هەزاران هەزار سەرکردەو پێشمەرگەو دڵسۆزانی کوردو کوردستان کردووەو بەسەدان هەزار ڕۆلەی قارەمان و دلێرمان شەهید کراون و بونەتە قوربانی کوردو کوردستان یادی هەموو ئەوانە یادی سەربەرزی و جێگەی شانازین.

لە بەهاری 1966 دا ئەورۆژە تازە بوو کە ئێزگەی دەنگی کوردستانمان گواستبۆوە ئەشکەوتەکەی سەردیمان و مامۆستا

هەژاری نەمریشمان مێوان بوو ، وابوو شەهیدی هەردەم زیندوو فەرەنسۆ هەریری بۆ تۆمار کردنی بەرنامەی ئاسوری هاتە ئەشکەوتەکەی سەردیمان و بەرنامەی ئاسوریمان بۆ تۆمار کرد، پاش ئەوەی کە لە کار تەواو بووین فەرەنسۆ گوتی ئەمڕۆ ئێوە لە لای منەوە دەعوەتی کەبابن ، مامۆستا هەژارو شەهیدی نەمر مامۆستا عەبدلخالیقمارفی هەردەم لە یادم و من سواری لەندرۆڤەرەکەی فەرەنسۆی نەمر بووین و بەرەو گەلالە بەرێکەوتین ، لە ڕێگا دوای ئەوەی کەمامۆستا هەژار گەلێ نکتەو قسەی خۆشی بۆ گێڕاینەوە بە خەندەی سەر لێوانیەوە ڕووی تێ کردین و فەرمووی: بەڕاستی زۆرمان برسی بووە ئەگەر زوو نەگەین بە خواردن ئەوا بە پێی شەرعی ئیسلامی دروستە کە موسەلمان کە برسی بوو و چی دەست نەکەوت بۆی هەیە کە گۆشتی فەلە بخوات و حەلالە،گوتی ئێمەش ئێستا سێ موسلمانین و لە برسان وا خەرێکە شەکەت دەبین ئێستا جیمان نیە بیخۆین بۆیەکە بۆمان هەیە کەوا بۆمان هەلکەوتووە کە گۆشتی فەرەنسۆی فەلە بخۆین و خۆمان تێر و تەسەڵ بکەین!!
ئەوسا هەمووومان بەم نکتەیەی مام هەژار پچراین لە پێکەنین و نەمر عەبدولخالیقیش گوتی: بەخوا ڕاست دەکەی مامۆستا هەژار چۆن لەو دەمەدا ئەمـەت وەبیر هاتەوە؟،مامۆستا هەژاریش گوتی ماڵت نەڕمێ لە برسان!!!ئیتر بوو بە پێکەنین و فەڕەنسۆی نەمریش گوتی: مامۆستا هەژار سا کەواتە دەبێ لەمەو دوا حسابێک بۆ خۆم بکەم ، تا ئێستا نەم زانیوە کەشتی ئاوا هەیە!!!
شەهید فەرەنسۆ هەریری لای دۆست و هەڤالانی زۆر خۆشەویست بوو،ئەوقاموسێکی سیاسی و دلسۆز و ماندوو نەناسێکی پارتی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردایەتی بوو،پێشمەرگەی بە وەفای ڕێبازی بارزانی نەمر بوو،خەباتگێڕ و خاوەن کەسایەتیەکی دیاری شۆڕشی ئەیلولی مەزن و گولانی پیرۆز بوو ، سەهید کردنی شەهید فەرەنسۆ حەریری لە ناخی دل و دەرونمان دایەو یادی ماتەمینی ئەو شەهیدە قارەمانەهەمیشە

زیندووەو قەت نامرێت و لە ناو دلی هەموو کوردێکی دلسۆز هەر دەمینێت و نامرێت .

من هەر لە زووەوە لە شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە لە شەستەکانەوە لە سالی 1965دائاشناییم لە گەل کاک فەرەنسۆی نەمر پەیدا کرد ، لەو کاتەوە کە شەهیدی نەمر فەرەنسۆ هاتە ئێزگەی دەنگی کوردستان و بۆ یەکەمجار بەرنامەی ئاسوری بە دەنگی خۆیەوە بلاو کردەوە و من دەنگیم تۆمار کردو ئەوم ناسی،هەر لەو سالانەوەش شەهید فەرەنسۆ لە هەفتەی جارێک دەهاتە ئێزگەی دەنگی کوردستان و ماوەیەکی زۆر لامان دەمایەوەو لە پال کارو بارەکانی تری شۆڕش بەرنامەی ئاسوری سەرککەوتوانە بە ڕێوە دەربردو بەو پەڕی دلسۆزی بۆ پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمرەوە کاری دەکرد،کاک فەرەنسۆی نەمر سیاسەتوانێکی زۆر وریاو ماندو نەناس بوو،مرۆڤێکی زۆر ورد بین و خاوەن زیرەکیەکی زۆر هەلکەوتوو بوو، مرۆیەکی تا بلێی ڕاست گۆو ڕاشکاو بوو،هەرگیز ڕیایی و دوو ڕوویی و بێ باوەڕی لە هەست و بوونی فەڕەنسۆ دا نەبوو،کاک فەڕەنسۆی نەمر بۆ خۆی فەرهەنگێکی پارتی و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بوو،من گەلێ نوسین و بابەتی خەلکانی سیاسی ترم لە سەر تەواوی پرسە گرنگەکان دا بینیوە،من لە تەواوی مەسەلەکان و دەربڕینی ڕەواو بۆچونەکان دا گەلێ شتم خوێندۆتەوە بەلام زۆر بە دەگمەن ڕاو بۆچونی وەک ڕاو بۆچونی فەڕەنسۆم ئاوا بە ڕاشکاوی و بێ هەستێکی پارێزەرانە زۆر بەکەمی بینیومە،ئەو زۆر بە شەهامەت وبێ پاش گەز بوونەوە لەدەربڕینەکانی خۆی دا بەرامبەر تەواوی مەسەلە گرینگەکان بەو پەڕی زانین و هەست بە مەسۆلیەت کردن و ڕاستیوە بیرو بۆچونەکانی خۆی دەگۆت ، هەرگیز لێی پاش گەز نەدەبۆوەو قەت ئەوەی کە باوەڕی پێ نەبایەو ڕاست نەبایە لە بەر خاتری کەس و یان لە ڕقی کەس و یان بۆ چال هەلکەندنی هیچ کەسێ نەیدەگوت و دەری نابڕی،گەورە ترین تایبەت مەندیەکانی شەهیدی نەمر فەڕەنسۆ هەریری ئەوەبوو،کە پێشمەرگەیەکی زۆر

نەزیک بوو لە بارزانی نەمر و ئاگاداری تەواوی مەسەلەکان و ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن و گولان و تەواوی بە سەرهاتەکانی کوردستان بوو،هەموو کارەسات و بەسەرهاتەکانی لە مێشکی خۆیا تۆمار کردبوو بەبێ نوسین تەواوی ڕوداوەکانی لە بەر بوو ، بەبێ موتالاکردنی کتێبێکانەوە ڕوداوەکانی زۆر بە ڕاستی وڕاشکاوی و ڕۆژی ڕوداوو سەردەمی ڕوداوی لە کاتی پێویست دا دەگێڕایەوە،بە مانای تەواوی وشەی پێشمەرگە ڕاستگۆو بە وەفاو دلسۆزی ڕێبازی کوردایەتی بوو،تا ئەو ڕۆژەی کە گیانی پاکی بەخشی بە کورد و کوردستان هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان بە قەدەر



هەلەج سەر مەزاری بارزانی نەمر شەهید فەرەنسۆ – ئەحمەد دەشتی

زەڕەیەکیش لە بیرو بۆچونەکانی ئەو مرۆیە مەزنە کەم نەبۆوەو قەت نەگۆڕاو هەمیشە باوەڕی بە سەرکەوتن و گەورەیی ڕێبازی بارزانی و پارتیوە هەبوو. تا بلێی سەر ڕەق بوو بەرامبەر بە دوژمنان و پسپۆڕێکی دوژمن ناس و خولیای خۆشەویستی بارزانی نەمربوو، هەربۆیەش بوو کە دوژمنان بە چقلی چاوی خۆیان دەزانی و هەر بۆیەش دەستی دڕندەییان بۆ درێژ کردو شەهیدیان کرد..

ئەوهەردەم پێی وابوو کە کوردایەتی کردن و خەبات و تێکۆشان لە ڕێگەی ڕێز گرتن و خۆشەویستی یەکترو یەکگرتن دایە،ئەو هەمیشە دەیگوت وەفا بۆمستەفا بارزانی واتە وەفا بۆ کوردایەتی ،

ئەو وەفادارێکی مەردانەو دلسۆز بوو بۆ هەڤال و هەموو ئەوانەی کە دۆست و ناسیارو ئاشناو پێشمەرگە بوون،ئەو پێشمەرگە شەهیدە دلێرەمان هەمیشە گەش بین بوو بەرامبەربە سەرکەوتنی کوردو کوردستان و لە هیچکاتێک دا لە شکەست و ناخۆشی ومیحنەتەکانیش دا هەرگیز ورەی بەرنادا.

لە دوای نەکسە شومەکەی 1975یش دا کە دەربەدەری وەلاتان بووین و کە ســەردەمێکی پڕ لە کارەسات و ناخۆسی بوو،فەرنسۆی نەمر هەمیشە زۆر بە گەش بینیەوە دەیگوت: کوڕینە ڕۆژان ڕۆژی لە دوایەو هەر ئاوا نابێت و کاتێک دێت کە ئێمە هەمووومان بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە کوردستان و ڕێبازی بارزانی نەمر هەرگیز نامرێت و زۆری نەماوە کوردیش بە ئاواتی خۆی دەگات و ڕۆژێک دێت کە ئەم هەموو میحەنەت و ئازارو جەفایانەمان دەبێ بە شادی وخۆشی و ڕزگاری کوردستانی ئازیزمان و هەموومان بە سەربەرزی دەگەڕێینەوە نیشتمانی باوک و باپیرانمان و نەفرین لە نەیاران و دوژمـــنانمان دەکەین و کوردســتان بەرەو پێشەوە دەبەین و هەر سەردەکەوین ، شەهید فەرەنسۆ هەریری مرۆیەکی بە سەبرو قسە خۆش و هەمیشە گەش بین بوو، چاو نەترس و وریاو زیرەک بوو ، خۆ ڕاگرو ورە بەرز بوو بەرامبەر هەموو ڕوداوێکی تال و ناخۆشی دژ بە کورد و کوردستان قەت کۆڵی نەدەدا.

لە سالی 1966 دا لەو کاتەی کە ئێزگەی دەنگی کوردستان لە ئەشکەوتەکەی سەردیمان بۆردومان کرا ، هێشتان فرۆکە بۆمب هاوێژەکان لەو ناوە دەنگیان نەبڕابـۆوە و بە دەها ناپالم و بەرمیلە تیزاب و موشەک و شەستتیرەکانیان بە ئەشکەوتەکەی سەردیمان کە بنکەی دەنگی کوردستان بوو دا دا و ئەو ناوەیان کردبووە یەکپارچە ئاگردانی گڕو ، ئێمە تەنیا لە گەل شەهید عەبدولخالیق و مامۆستا عوسمان سەعیدو دڵشاد مەسرەف و فوئادی بەشی کارەباو کاک ئەمجەد لەئێزگە بووین،بەرنامەکانمان بلاو دەکردەوەو ڕامان گەیاند کە لە بەر چەند هۆیەکی فەننی دەنگی کوردستان بۆ

ماوەیەکی کەم دەوەستێت و لەکاتی بلاو کردنەوەی بەرنامەکەمان دەنگی ئێزگە وەستا بەهۆی پێکانی ئەنتێنای ئێزگەوە تەواوی خەلک وایان دەزانی کە ئێمە هەموومان وەبەر بۆمبا کەوتوین و لە ناو چوین و ئاواش پڕو پاگەندە کرابوو ، لەوکاتە خەتەرناکەدا دیمان کە شەهیدی نەمر فەرەنسۆ حەریری هاتە ئەشکەوت و باوەشی لێ وەرهێناین و گوتی ئۆخەی دیارە کە ماون و زۆر شادمان بوو کە ئێمە زیندووین ، گوتی تەنیا هاتووم هەوالتان بزانم ئەمەش لە سەر ئەمری بارزانی نەمرە کە بزانم ئێوە سەلامەتن یاخێر؟چونکە لە پڕ وەستانی ئێزگە گومانێکی زۆری خستە دلمانەوە و گوتی: لە خوا بەزیاد بێت کە هەمووتان سەلامەتن و بارزانی بەوە زۆر شـــــــاد دەبێت ، ئیتر ماوەیەکی باش لامان مایەوەو پاشان شەو هات و هەموومان بە یەکەوە ئەشکەوتەکەمان بە جێ هێشت .

جارێکیش لە سالی 1976دا پێکەوە لە کەرەج لای نەمر کاک ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ بووین کە تازە شۆڕشی گولانی پیرۆز هەلگیرسابوو، من تەمای پەیوەندیم بە شۆڕشی گولانەوە لە سەر داوای کاک ئیدریسەوە هەبوو کە سەرکردایەتی کاتی داوای منیان کردبوو، کەبچم لە ئێزگە دا کار بکەم،کاک ئیدریسی نەمرو جوانەمەرگ ڕووی کردە فەرەنسۆ و فەرمووی باری ئێستا چۆن دەبینی،فەرەنسۆش گوتی:کاک ئیدریس من پێم وایە کە سەرکەوتن نەزیکەو پارتیمان لە جاران بە هێز ترو سەربەرزتر دەبێتەوە،گوتی:ئێمە ئەگەر ڕێبازی بارزانی بەرنەدەین و تەواوی بۆچونەکانمان وەک ئەو بێت ئەوا بە ئاوات دەگەین و شۆڕشی گولانیش هەر پەرە دەسێنێ و هەموو لە هەموو بەم زوانە دەگەڕێنەوە کوردستان و بە کوێرایی چاوی دوژمنانی داگیرکەر سەردەکەوین،کاک ئیدریسیش گوتی: فەرەنسۆ،چما گومانت لەوەدا هەیە؟کە سەرکەوتنی کورد نەزیکەو مسۆگەرە؟فەرەنسۆ گوتی نەخێر هەرگیز گومانم لەوە دانیە.

بەڵێ فەرەنسۆ هەریری خاوەنی بیرو باوەڕێکی پاک بوو، هەرگیز فرت و فێلی لە کەس ناکرد و هەرچی هەیبا ڕک و ڕاست بە گەورەو بچوکی دەگو ت و مرۆیەکی بێ پێچ و پەناو ئەملاو ئەولا بوو،هەمیشە ڕای ڕاستی خۆی لە هەموو شوێنێ بەبێ ترس وئەملاو ئەول دا دەردەبڕی،خاوەنی متمانەوباوەڕ پێکراو بوو،دۆست و دوژمنی زۆر چاک لێک جیا دەکردەوە،ڕک و ڕاست و ڕەوان بوو،خاوەن کەسایەتیەکی ڕاستی کوردایەتی بوو ، هەرگیز لە سەر کاری ناڕاست پازی ناداو هەست و بیرێکی پاکی کوردانەی هەبوو بە ڕاستی و دروستی بۆ تەواوی مەسەلەکان دەچوو،هەرگیز موساوەمەی لە سەر مەسـەلەی کورد ناکرد و دوژمنانی کوردی زۆر باش دەناسی و ڕێزێکی تایبەتی لە لای خەلک و بارزانی نەمرەوە هەبوو،هەروەها لای کاک ئیدریسی جوانە مەرگ و هێژا مەسعود



وێنە لە ڕاست:مولازم هەجەر-فەرەنسۆ-یونس ڕۆژبەیانی-ئەحمەد دەشتی-خورشید شێرە

بارزانی خۆشەویست بوو ، زۆر ڕێزی لێ دەندراو لە گەلێ مەسەلەکانەوە پرسی پێ دەکرا ، ڕۆژێ لە ڕۆژان لەوساوەی کە من ناسیومە نەم دیوە ئەو قارەمانە ساتێکیش ورە بەرزو گەشبین نەبێت،تا ئەو کاتەی کە گیانی پاکی بەخشی و دوژمنانی چەپەل شەهیدیان کرد هەمیشە چقلی ناو چاوی دوژمنانی دڕندە بوو ،

دوژمنان زۆر باش دەزانن كە چ قارەمانێكیان شەهید كردو چۆن مەرامی گلاوی خۆیان پێكاوە ، ئەو دەورێكی بالای بینی لە ساتی ڕاپەڕین و بوونی لە پەرلەمان و پارێزگاریەتی شاری هەولێرو دوا بەدواش لێپرسراوەتی لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستان دا، ئەو نەمرە تا شەهید كرا سەربەرزانە ژیاو هەرگیز ساتێكیش لە ڕێبازی بارزانی نەمردا دوور نەكەوتەوەو لای نەداوە،شوێنی ئەو شەهیدە قارەمانە لە شۆڕشی گولان و شۆڕشی مەزنی ئەیلول دا زۆر بە چاكی دیارە كەئەو چەندە بەرزو كوردستانی بووە، بە یادو بیرەوەری ئەو ڕۆلە قارەمانە و سەركردە دوژمن بەزێنە پارچە شیعرێكم بە ناوی (دیرۆكی خەم)مم نوسیوە كە لە داهاتودا بڵاوی دەكەمەوە .

هەزاران سلا و سەری ڕێز و نەوازش بۆ سەروەری شەهیدان و لە سەرووی هەموانەوە مستەفابارزانی قارەمان و كاكە ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ و گیانی پاكی ئەو شەهیدە نەمرەمان كاكە فەرەنسۆ هەریری و ماموەستا هەژارو شەهید عەبدوالخالیق مارف و یارو هەڤالانی دیرین لە شۆشی مەزنی ئەیلول و گولان دا،هەروەها پێشكەشە بە گیانی پاكی تەواوی شەهیدانی كورد و كوردستان و ئەوانەی كە هەرگیز نامرن .

*